شیعر



بەندی عەلی

# سەفەر

لەوەتەی هەم
تامی بادەی
بەڵێنە سەرخۆشەکان و
ماچی لێوە ژەهراوییەکەی
قەدەر ئەکەم
لەوەتەی هەم
چاوم بەقەترانی رەشی
بەخت ئەڕێژم
هەر منیشم، قەرەج ئاسا
لە سەرەتاکانی کۆچەوە
سەفەر ئەکەم
لەوەتەی هەم
لەجێی خۆما
جێ پێی خەوە پەمەییەکان
هەڵئەگرم و



پێ بەدرکی سەبرا ئەنێم
لەوەتەی هەم
ناگەمە جێ و
گوێم لە قاقای
پێکەنینە زەردەکانی
فرسەتە.. پێم
ئیتر ئەبێ
چاوەڕوانی چی بم لە تۆ
ئەی پردە کۆنەکەی ڕۆژگار
ئەم هەموو درک و جەخارە
بەسەر تۆیا پەڕینەوە و
لەگەڵیانا
کۆڕەوێکیش کۆتری زامدار
ئەو هەموو بارە تلیاکەی
مەرزەکانی نەهامەتیش
هەر لە تۆوە دزەیان کرد
لە گەڵیانا
جوجەڵەکانی غوربەتیش
تۆ هەر ڕەشە کاروانی خەم
ئاودیو ئەکەی
تۆ هەر دێوی زەبەلاحی
غوبار و تەم ئاودیو ئەکەی
بەڕێکەوتیش
چڵە نێرگزێکی ئومێد
نەگەیشتە روحی ئەوبەرت
خەوە ئەرخەوانییەکانیش
هەروان بەسەر



شوێنەوارە سڕاوەکەی
گۆڕستان ونبووەکانی
ئەمبەرت
ئەی گێژاوە
بێ کۆتاییەکانی تەمەن
بۆ کوێم ئەبەن
لەم ژیانە ئاپۆڕایا
قوژبنێکی تیا نەماوە
بۆ تەنیایی
تەنیاییەک
کە هەر بۆنی
چرکە روتوقوتەکانی
شەوی لێ بێ و
ئەو شەوانەی
بێ شەرم و سڵ
پەنجە گرژەکانم ئەگەن
بەتریفەی مانگەشەوی
دڵنیایی
وەبیرم دێ
لە ڕۆژانی خۆکردنەوەی
چرۆکانی منداڵییەوە
کلکی گۆچانەکەی پرسێ
لە سپێدەی بەیانەوە
هەنگە ماخۆلانەکانی
شانەی خەیاڵ ئەوروژێنێ و
ئێوارانیش.. خەو لە چاوی
پەڕەسێلکە وەرزییەکانی



بن گوێسەبانەی ئۆقرەبوون
ئەتوڕێنێ
کە بووم بەهەرزە دەوەنیش
چەمەی قۆڵی هەمان گۆچان
دەئاڵایە لاسکە تەڕ و ناسکەکانی
گەشەی روح و
گەلا چەورەکانی عەقڵی
هەڵئەوەران
لە هاوینی گەرمەسێری
عومریشەوە
کە بێستانە پرتەقاڵی
هۆش پێگەیی و
پەرسیلەکانی رەزی راز
بوون بەترێ
ئەو گۆچانە ماخۆلانە
هەر خنەی دێ و
پرسێ لە خواو.. لە تەبیعەت
پرسێ لە باو
لە باڵندە کۆچەرییەکان
کە ئاسمانی زەمەن ئەبڕن
گەر بەرێکەوت، بەئێرەدا گەڕانەوە
تەنیا شتێکم پێ بڵێن
ئاخۆ رەنگی چاوەکانی کامەرانی
ئەبێ چی بێ




٢٠٠٧ ئەڵمانیا